خەباتی سیاسی: ڕوانگەی ئانارکۆسەندیکالیستی

نووسینی: Rudolf Rocker
و. لە فارسییەوە: هەژێن

بەشی حەوتەم لە پەرتووکی ئاناشیزم و ئانارکۆسەندیکالیزم

یەکیک لە پاگەندە باوەکانی دژ بە ئانارکۆسەندیکالیزم و پەیڕوانی ئەوەیە، کە ئەوان هیچ هۆگرییەکیان بو بیناکردنی سیاسییانەی وڵاتەکانیان نییە و هەروا لە خەباتی ڕۆژانەی سیاسیدا بەشداری ناکەن. ئەم پاگەندەیە نادروستە، یا لە نائاگاییەوە، یا لەچەواشەکردنی ئەنقەستانەی ڕاستییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی کە بنچینە و تاکتیکی یەکێتییە شۆرشگێڕەکان لە پارتە هاوچەرخە کارگەرییەکان جیادەکاتەوە، خەباتی سیاسی نییە، کە خواست و شێوەیەکی خەباتییەتی. ئانارکۆسەندیکالیستەکان هەر ئەو شێوازانەی کە لەبەرامبەر بەهرەکێشی ئابووریدا هەیانە، بۆ خەبات دژ بە ڕێگرە سیاسییەکانیش بەکاریان دەهێنن. ئەوان بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە هەر سیستەمێکی بەهرەکێشی، دەزگەی پارێزەری سیاسی خۆی، دەوڵەتی هەیە و پێیانوایە بە لەنێوبردنی بەهرەکێسی، دەبێت دەوڵەتیش شوێنی خۆی بدات بە بەڕێوەبەرایەتی ئازادانە و هەڵبژێردراوی پرسە گشتییەکان، لەسەر بنچینەی هاوڕایی گشتی، چیتر بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی لەم ڕاست ناکەن، کە هەوڵە ڕێکخراوە کارگەرییەکان، دەبێت لەبەرامبەر هەر هەنگاوێکی ڕێگرانەی سیاسیشدا بەرهەڵستی بکەن و تێکۆشن لە هەر شوێنێك کە گونجاویێ، ئازادییە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان پەرە پێبدەن. لەوانەیە خەباتی قارەمانانەی CNT لە ئەسپانیا لەدژی فاشیزم، باشترین بەڵگە بۆ نابەجێ بوونی پاگەندەی هەڵنەسوڕاوی سیاسی ئانارکۆسەندیکالیستەکان بێت.

بەڵام لە ڕوانگەی ئانارکۆسەندیکالیستەکانەوە، مەیدانی خەباتی سیاسی، نەک لە دەزگەکانی یاساداندا بەڵکو لەنێو جەماوەردایە.

مافی سیاسی لە پارلەمانەوە سەرچاوە ناگرێت؛ بەڵکو واوەتر لەوەی کوڕ و کۆمەڵێک داهێنەری ئەم مافە بن، لە دەرەوە ناچار بە ملدان پێیان دەکرێن، بەڵکو لەبەر پێشوازی لێکردن و ڕێسا بوونیان لەنێو جەماوەردایە و لەبەر ئەوەی کە هەر هەوڵێك بۆ بەرتەسککردنەوەیان لەگەڵ بەرهەڵستی فراوانی گشتیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لە کاتێکدا ئەگەر بارودۆخ ئاوا نەبێت، هیچ زۆرینەیەکی پارلەمانی و هیچ هەوڵێکی ئەفلاتونی بۆ یاسادانان، کەمترین سوودی نابیت. تەنیا کەسێک ڕێزی کەسانیتر بەرزکاتەوە، کە بزانێت چۆن وەک مرۆڤێک لە کەسایەتی خۆی بەرگری دەکات. ئەم بنچینە تەنیا لەمەڕ ژیانی کەسییەوە نییە؛ لەمەڕ ژیانی سیاسییەوەش هەمیشە ئەمە ڕاست بووە.

خەڵك ئازادی و مافێکی سیاسی کە هەیانە لە پای نیازچاکی حکومەتەکانیانی نازانن، بەڵکو بە هێزی خۆیان بەدەستیان هێناون. حکومەتەکان هەرچییەکیان لەدەست هاتبێ ئەنجامیان داوە، تاوەکو بەر بە دەستڕاگەیشتنی خەڵك بەم مافانە بگرن، یا بە هەندێك ئاڵوگۆڕی ڕوخسارەکی فریویان بدەن. بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکان و شۆڕشەکان بۆ سەندنی ئەم مافانە لە چینە سەروەرەکان، کە هیچکات دڵخوازانە ملیان پێنادەن، پێویست بوون. سەراپای مێژووی سێ سەد ساڵەی دوایی سەلمێنەری ئەم شتەیە. گرنگ، بڕیاردانی حکومەتەکان نییە بۆ پەسەندکردنی ئەم مافانەی خەڵك، بەڵکو چۆنیەتی سەپاندنییەتی بەسەریاندا. ئەگەر کەسێك پشتبەستنی قسە

گوماناوییەکانی لینین وەربگرێ و ئازادی بەتەواوی بە « بەرتەری (امتیاز) بۆرژوازیانە» بزانێت، بەدڵنیاییەوە چیتر لە ڕوانگەیەوە ئازادی سیاسی بۆ کارگەران بێکەڵك دەبێت. بەڵام لەو بارەدا، سەراپای خەباتی ڕابوردوو، هەموو شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکان کە ئەم مافەیان بۆ دەستەبەر کردووین، ئەوانەش بێکەڵك و بێنرخ دەبن. ئەگەر بەو ڕادە بێ ئاوەزی (بێ عەقلی) بکەین، تەنانەت ڕوخانی تزاریزمیش بەو ڕادە پێویست نەبوو، تەنانەت سانسورگەری نیکۆلای دووەمیش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ «بەرتەری بۆرژوازیانە» ناوهێنانی ئازادی ناکۆك نەبوو.

ئەگەر ئانارکۆسەندیکالیزم سەرەڕای هەموو ئەمانە لەگەڵ بەشداریکردن لە پارلەمانە نەتەوەییەکانی ئەوڕۆکە ناکۆکە، لەبەر هاوڕانەبوونی لەگەڵ خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە پەیڕەوانی پییانوایە ئەم شێوە چالاکییە لاوازترین و کەمکاراترین شێوەی خەباتی سیاسی کارگەرییە. چالاکی پارلەمانی، بۆ چینەکانی سەرەوە، بەتەواوی ئامرازێکی گونجاوە بۆ کپکردنەوەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە لە ڕوودانداندان، چونکە ئەوان هەموویان بەقەد یەک ئارەزوومەندی پاراستنی سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتین کە هەیە. کاتێك کە بەرژەوەندی هاوبەش لە ئارادابێ، پێکهاتنی دوولایەنە و چەند لایەنە لە تواناندا هەیە و لەلایەن گشت پارتەکانەوە سوودی لێوەردەگیرێت. بەڵام بارودۆخی کارگەران فرە جیاوازە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، سیستەمێکی ئابووری کە هەیە سەرچاوەی بەهرەکێشی و کۆیلەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیانە. تەنانەت ئازادانەترین ڕاپرسیش ناتوانێت ئەم جیاوازییە لەڕادەبەدەرەی نێوان چینەکانی خوارەوە و سەرەوەی کۆمەڵگە لەنێوبەرێت و تەنیا کارکردی دانی مۆری ڕەوایەتی جەماوەرییە لەم سیستەمەی بەهرەکێشی.

ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە تەنانەت پارتە سۆشیالیستەکانیش، هەرکات ویستبێتیان ڕیفۆرمی یەکلاکەرەوە لە مەیدانی سیاسیدا جێبەجێ بکەن، نەیان توانیوە لەبەر بەرژەوەندی چالاکییە پارلەمانیەکانیان بەرەوپێشیان بەرن، بەڵکو ناچاربوون پشت بەهێزی خەباتی ئابووری کارگەران ببەستن. مانگرتنە گشتییە سیاسییەکانی بەلژیکا و سوئێد بۆ بەدەستهێنانی مافی دانگدانی گشتی، گەواهیدەری ئەم بنچینەیەن. هەروەها لە ڕوسیەش، لە ساڵی ١٩٠٥دا، ئەوە مانگرتنی گەورە بوو، کە تزاری ناچار بە ئیمزای یاسای بنەڕەتی تازە کرد. تێگەیشتن لەم بابەتەیە، کە پاڵ بە ئانارکۆسەندیکالیستەکانەوە دەنێت، پەروەردەکردنی سۆشیالیستانەی جەماوەر و بەکاربردنی توانای ئابووری و کۆمەڵایەتییان لەناوەندی چالاکییەکانی خۆیاندا دانێن. شێوازی ئەوان کاری ڕاستەوخۆیە لە مەیدانەکانی خەباتی سیاسی و ئابووریدا. مەبەستمان لە کاری ڕاستەوخۆ، هەر شێوازێکی دەستبەجێی خەباتی کارگەرانە لە دژی شێوە جیاوازەکانی چەوسانەوەی ئابووری و سیاسی. لەنیوان ئەو شێوازانەدا، دەتوانرێت پەنجە بۆ هەموو جۆرەکانی مانگرتن، لە مانگرتنی سادەوە بۆ کرێ بگرە تا دەگاتە مانگرتنە سەرتاسەرییەکان، بەشدارینەکردن(بایکۆت)ی ڕێکخراو و زۆرێك لە ئامرازەکانیتر، کە کارگەران وەك بەرهەمهێنەر دەستیان پێیان ڕادەگات، ڕاکیشرێت.

یەکێک لە کاراترین شێوەکانی کاری ڕاستەوخۆ، مانگرتنی کۆمەڵایەتییە، کە تاوەکو هەنووکە فرەتر لە ئەسپانیا و تاڕادەیەك لە فەرەنسە بەکاربراوە و گەشەی بەرچاوی بەرپرسیارێتی کارگەران بەرامبەر بە کۆمەڵگە وەک یەک گشت نیشاندەدات. ئەم مانگرتنە، پێش ئەوەی بەلای داخوازییە دەستبەجێکانی کارگەراندا بشکێت، پارێزگاری لە کۆمەڵگە لەدژی زیادەڕەوییە مەترسیدارەکانی سیستەمەکەی لەبەرچاو گرتووە. مانگرتنی کۆمەڵایەتی لەپێناو پەروەردەکردنی کارگەرانە بە لێپرساوەتی بەرامبەر کۆمەڵگە. یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی مانگرتنە کۆمەڵایەتییەکان، پارێزگاریکردنە لە مافی بەکارهێنەران(مصرف کنندگان)، کە بە نۆرەی خۆی، کارگەران زۆرینەیان پێکدەهێنن. لە هەلومەرجی هەنووکەییدا، ڕۆژانە کارگەران بە هەزاران

شێوازی جۆراوجۆر سوکایەتییان پێدەکرێت و تەنیا ئامانجی ئەم سوکایەتییانە، زیانگەیاندنە بە کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی خاوەنکارەکان. کارگەران لە پرسی بەرهەمهێناندا ناچارن سوود لە ئامرازگەلی نەگونجاو و تەنانەت هەنێکجار مەترسیدار وەرگرن، لە ماڵی پەست و نەشیاودا بژین، بە خواردنی نە گونجاو و خراپ ڕازی بن و مل بە ئەنجامدانی زۆر کار بدەن، کە بە ئامانجی فێڵکردن لە بەکارهێنەر (مصرف کننده) ئەنجام دەدرێن. هەر پێشکەوتنێك لەم بوارەدا، هاوکات هەم ڕێوشوێنی کارگەران لە کۆمەڵگەدا باشتر دەکات، هەم لە ئاستێکی فراوانتردا، هوشیارییان پێدەبەخشێت.

بەهێزترین جۆری کاری ڕاستەوخۆی کارگەران، مانگرتنی گشتییە، کە بە ڕاگرتنی کار لە هەریەك لە بەشەکانی بەرهەمهێناندا ئەنجامدەدرێت. ئەمە بەهێزترین چەکێکە، کە کارگەران شکی دەبەن و کاراترین شێوەی دەربڕینی دەسەڵاتی ئەوانە وەك هۆکارێکی بەرەوپێشبەری کۆمەڵگە. هەڵبەتە ئەوە ڕوونە، کە مانگرتنی گشتی شتێك نییە کە دڵخوازانە بتوانی بۆ هەر شتێك بەکاری بهێنیت. دەبێت کۆمەلگە بە رادەیەك لە توانای مۆراڵی و هوشیاری پێویست گەیشتبێت و پرسەکە گرنگییەکی تەواوی هەبێت، تاوەکو مانگرتنی گشتی بتوانێت وەک داخوازی گشتی خەڵک پێشنیار بکرێت. یەکێك لە گاڵتەجارترین شتەکان، کە دەیدەنە پاڵ یەکێتیگەرانی شۆڕشگێڕ، ئەم بیرکردنەوەیە، کە تەنیا کارایی ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی، کاتێکە، کە خوازیاری بەدەستهێنانی سۆشیالیزم لە چەند ڕۆژدا بین؛ هەڵبەتە ئەمە تەنیا دروستکراوی هۆشی گاڵتەکەرانەی نەیارە نەزانەکانی یەکیتیگەراییە. مانگرتنی گشتی دەتوانێت ئامانجی جۆراوجۆری هەبیت. دەتوانیت دواهەمین قۆناخی مانگرتنێکی ئاسایی بێت، بۆ نموونە، لە بەرشەلۆنە، ساڵی ١٩٠٢ و لە بیبائۆ ساڵی١٩٠٣، مانگرتنی بۆ یارمەتی بە کارگەرانی کانەکان (معدنچیان)، ئەو توانایەی بەوان بەخشی، کە لە مووچەیەکی باشتر بەهرەمەند بن و خاوەنکارەکانیان ناچار بە دابینکردنی توانایی تەندرستی لە کانەکاندا بکەن. مانگرتنی گشتی، هەروا، دەتوانێت ئامرازێك بێت بۆ کارگەرانی ڕێکخراو بۆ ئەوەی هەندێك لە داخوازییە گشتییەکان پێشنیار بکەن، هەروا بۆ نموونە، هەوڵێك کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ساڵی ١٨٨٦دا، بۆ ناچارکردنی خاوەنکارەکان بە ڕازیبوونیان بە لانی زۆری هەشت کاتژمێر (واتە لە ٨ کاتژمێر تێنەپەڕێ) کار لە پیشەگەلی سەخت دا، ڕوویدا، بووە هۆی پێشنیارکردنی گشتی ئەم خواستە. مانگرتنی گەورەی سەرتاسەری کارگەران لە ساڵی ١٩٢٦دا لە ئەنجامی هەوڵی هەمەلایەنەی خاوەنکارەکان بوو، بۆ هێنانە خوارەوەی ئاستی ژیانی کارگەران لە ڕێگەی کەمکردنەوەی هەقدەستەکانەوە.

بەڵام مانگرتنی گشتی دەتوانێت، ئامانجی سیاسیشی هەبێت. بۆ نموونە، خەباتی کارگەرانی ئەسپانی لە ساڵی ١٩٠٤دا بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی، یا مانگرتنی گشتی لە کاتالۆنیا لە جولای ١٩٠٩دا بۆ ناچارکردنی دەوڵەت بە کۆتاییهێنان بە شەڕی تاوانبارانەی لە مەراکیش. هەروا مانگرتنی گشتی کارگەران ئاڵمانێش لە ساڵی ١٩٢٠دا، کە پاش پیلانی کاپ ڕوویدا و کۆتایی بە دەوڵەتی کودەتاچیانی سەربازی هێنا، لەم جۆرە بوو. لە وەها بارودۆخگەلێکی قەیراناویدا، مانگرتنی گشتی جێی خەباتی سیاسی ئاسایی ڕابوردوو دەگرێتەوە. مانگرتنی گشتی، بۆ کارگەران، بەرهەمی لۆژیکیانەی سیستەمی پیشەسازی تازەیە، کە ئەوان ئەورۆکە دەبنە قوربانی وی، بەڵام هاوکاتیش وەك بەهێزترین چەکی خەبات بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی لەبەردەستیاندایە، بۆ ئەم مەبەستە، تەنیا پێویستە هێزی خۆ و شێوەی گونجاوی سوودوەرگرتن لێی، فێربن.

سەرچاوەی لێوەرگیراو : http:khushe.ir